www.kurdistannet.org
28-2-2007 20:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەمپینی سوککردنی گۆرانیبێژانی کورد ... دانا ڕەشید

ماوەیەک بەر لە ئێستا وتارێکم بە ناونیشانی پێویستە ئینتەرپۆل سەفین دەسگیر بکات نەک شوانە قەرەداخی نوسی و لە چەند سایتێکدا بڵاو کرایەوە و تیایدا تیشکم خستبوە سەر کەسایەتی نزمی هەندێک لەو بە ناو هونەرمەندانەی وێنەی هەموو هونەرمەندانی کوردیان ناشرین کردوە. لەوێدا بەرگریم لە شوانە قەرەداخی کردبوو چونکە بێ حورمەتیەکی زۆری بەرامبەر کرابوو. من نالێم پەشیمانم لەو بەرگریە چونکە من بەرگریم لە حەق کردبوو و ئەگەر هەر کەسێکی تریش لە جێی شوانە بوایە بە هەمان گوڕ و تین بەرگریم لێ دەکرد. . بەڵام جێگەی داخە کە بەڕاستی شوانە وایکرد زیاتر باوەڕ بەو پەندە کوردیە بکەم کە دەڵێت (خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێناکا) بۆیە شوانەش هەر قابیلی ئەو جۆرە گروپانەیە و فیتن بۆ یەک. . چونکە دوای ئەو هەمو ئیهانە کردنەی لە لایەن سکرتێر و بەڕێوەبەر و مودیر و مانێجەر و مایسترۆ و سەرۆک و کارگێڕی تیپەکە کاک (ناوبراو)، شوانە نەک هەر هیچ هەڵوێستێکی نەبوو، بەڵکو داوای لێبوردنی لێیان کرد.

ئەمە پرسیارێکی لە لای من دروستکردبوو هەستمدەکرد شتێک هەیە وا لە شوانە دەکات هەڵوێست نەنوێنێت و بڕوام پێ بکەن بیرم بۆ ئەوەش چوو کە ڕەنگە بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان هەبێت و غەنیمەیەکیان جارێ دابەش نەکردبێت بۆیە تا دوای بەشکردنی ئەو غەنیمەیە هیچ شتێك ڕوونادات، دەنا شێتیش دەزانێت کاردانەوەی شوانە بۆ ئەو هەموو ناوزڕاندنە دەبێت بە لانی کەم وازهێنان بێت لە گرووپەکە. بەڵام ئەمە ڕووینەدا.

دوێنێ دڵنیا بووم لەوە ی کە هەستەکەی من ڕاست بوو و کاک شوانەی خاوەن هەڵوێست لە سەر ئەو هەموو سووکایەتی پێکردنە نەهاتە وەڵام بەڵکو وەکوو خۆی دەڵێت لەبەر ئەوەی لەو هەموو 3000 دۆلارەی کە لە حکومەتیان وەرگرتوە بەشی ئەوی لێنادەن بڕیاریدا واز لەو گروپە بهێنێت و وەکوو کەمئەندامێک دەپاڕێتەوە و دەیەوێت لەو ڕێگایەوە سۆزی دەسەڵات ڕابکێشێت و یارمەتی بدەن.

ئافەرین هونەرمەندان، زیاتر بپاڕێنەوە. . . زیاتر خۆتان بکەن بە پێڵاوی پەرپرسان. . . . هونەر چیە هەمووی بە قوربانی ئەو پارچە گونەی کوڕە مەسئولێکی ناوقەد ئەستووری نەخوێندەواربێت کە دوای خەتەنە فڕێدەدرێت.

من تێناگەم ئەم غەزەبە بۆ لە گۆرانی کوردی گیراوە. ڕۆژانە هەواڵی سەیر و سەمەرە لەسەر گۆرانیبێژان بڵاو دەبێتەوە. ئێوە لەو هەواڵانەی خوارەوە ورد ببنەوە کە لە ماوەی تەنها یەک ساڵی ڕابردوو بڵاو کرایەوە:-

. . . . . . . . . . . . و. . . . . . . . . . . . و. . . . . . . . . . بەتاوانی تلیاک فرۆشتن دەسگیرکران، . . . . . . . . . . . .

. مولازمی ئاسایشە و مانگانە موچەی ئاسایش وەردەگرێت، . . . . . . . . . . . . . . . 29 دۆنم زەوی وەرگرت

و 18 باڵەخانەی لە سەر دروست دەکات، . . . . . . . . . . . . و. . . . . . . . . و. . . . . . . . . و. . . . . . . . . و. . . .

. . . و تا خوا حەزکا ووووووووووو. . . . . . ناویان لە لیستی پارە وەرگرتن هەیە. . . . . تاد. ئەم هەموو ڕوداوە هەر بە ڕێکەوت نیە و پێویستە هەڵوێستەی لە سەر بکرێت و لێکدانەوەی وردی بۆ بکرێت.

ئەم هەموو نامانە بۆ ئەوەن خەڵک تێبگات کە ئەو گەندەڵیەی ژیانی خەڵکی کوردستانی کردوە بە زیندانێکی تاریک هەر تەنها سیاسیەکان لێی بەرپرس نین بەڵکو هونەرمەندانیش، کە ئەمە زۆر ئاساییە پیلانێک بێت و گەندەڵەکانی حیزب و دەسەڵات پیادەی بکەن بۆ ئەوەی چاوی خەڵک کەمێک لە سەر ئەوان لاچێت. ئەگەرنا بۆ پارەیان دەدەنێ و بۆ لە ڕاگەیاندن ناویان بڵاو دەکەنەوەو سوکایەتیان پێ دەکەن. بەڵام لە لایەکی دیکەش بۆمان دەسەلمێنێت کە هونەرمەندان زۆربەیان (نەک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەمویان) خاوەنی کەسایەتیەکی لاوازن و پارەیان لێ بوە بە هەموو شتێک و تەنانەت زۆر لەو گۆرانیبێژە فاشیلانەی لەم دواییە پەیدا بوون هەر بۆ پارە پەیا کردن و سوالکردن لە بەرپرسان بوون بە گۆرانیبێژ و ئەو ناوانەی لەو لیستەی وەزارەتی رۆشنبیریش بلاو بوونەوە زۆربەی ئەوانەن و چەند گۆرانیبێژێک نەبێت کە کارەکانیان دیارە ئاگەرنا زۆربەیان لە قوتوی هیچ عەتارێک ناویان نیە.

بەراستی جێگەی داخە کە گۆرانی کوردی تا ئێستاش بەو شێوەیە بەرێوە دەچێت و هیوام وایە ئەم شتانە زەنگێک بن بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن کە با ئاگا بێنەوە و چیتر ئەو سووکایەتیانە قبول نەکەن و هەوڵ بدەن لە رێگەی بەرهەمەکانی خۆیان بە سەربەرزی بژین. بۆیە دەبێت هەموویان یەکگرتوو بن و حکومەت ناچار بکەن یاسای پاراستنی مافەکانیان دەربکات و بە جیددی پیادەی بکات.

Dana. rashid@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.